# هۆیەکانی نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی زانستی لە بابەتی بیرکاریدا لە ڕوانگەی خۆیانەوە

**ئەبوبەکر قادر مستەفا[1]، ڕەهبەر مەسعود عبدالخالق[2]**

[1,2]ڕاهێنەر لە بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان لە وەزارەتی پەروەردە ، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی هۆیەکانی نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای بەشێك لە قوتابییانی پۆلی دەیەمی زانستی لە بابەتی بیرکاری لە ڕوانگەی قوتابییانەوە/ لە قوتابخانە حکومییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو قوتابیانی پۆلی دەیەمی زانستی بوو لە ناوەندی پارێزگای هەولێر، کە تۆمارکراون لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە قوتابخانە حکومییەکان کە ژمارەیان (٩٦٦٩) قوتابی بوو (٤٦٧٠) یان لە ڕەگەزی نێر و (٤٩٩٩)یان لە ڕەگەزی مێ بوون، تیایدا ڕێبازی وەسفی بەکارهێنرا. ئەم توێژینەوە جێبەجێکرا بەسەر نمونەیەك کە ژمارەیان (١٤١) قوتابی پۆلی دەیەمی زانستی بوو لە هەردوو ڕەگەز کە (٦٨)یان نێر بوون و (٧٣)یان مێ بوون. بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو ئامرازی توێژینەوەکە ئامادەکرا کە ٣٠ بڕگە بوو، ژمارەی بژاردەکانیشی سیانەیی بوو، دواتر ڕاستگۆیی بۆ پێوەرەکە وەرگیرا بە وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و شارەزایان و هەروەها جێگیری بۆ پێوەرەکە وەرگیرا بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پیرسۆن کە بەهاکەی (٠,٧٧٤) بوو. دوای شیکردنەوەی داتاکان، شیکەرەوە ئامارییەکان ئەوەیان دەرخست کە: گرنگترین ئەو هۆیانەی ڕۆڵیان هەیە لەسەر نزمی ئاستی دەسکەوتی خوێندنی قوتابییان، زیاتر پەیوەستە بە ژینگەی خوێندن و پەیڕەو و سستمی فێرکاری و ئامادەنەکردنی مامۆستا وەکو پێویست بۆ نێو ناوەندەکانی خوێندن و نەبوونی هاندەر و پاڵنەر بۆ قوتابی و کەمی هۆکارەکانی فێرکردن و بەکارنەهێنانیان.

**وشە سەرەکییەکان:** دەستکەوتی خوێندن ، قوتابی، بیرکاری ، پۆلی دەیەمی زانستی، قوتابخانەی حکومی

## ١. پێشەکی

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەوە دەکات تاکێك ئامادە بکات بۆ کۆمەڵگە کە خاوەن زانیاری و کارامەیی و بەرهەمهێن بێت و متمانەی بەخۆی هەبێت و دەروون دروست بێت و ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت لە ناو کۆمەڵگە و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و پەسەندی ڕای جیاوازی ئەوانی دی بکات و گەل و نیشتمانی خۆی خۆش بوێت و بەردەوام بێت لە خوێندن و خۆفێرکردن ( سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان، ٢٠٠٩ : ١٠ )، ئنجا بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانەش بێنەدی پێویستە ئەو فاکتەرانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر قوتابی هەیە زیاتر گرنگییان پێ بدرێت و پەرەی زیاتریان پێ بدرێت. هەربۆیە پێویستمان بە ژینگەیەکی خوێندنی گونجاو و چێژبەخشە بۆ قوتابی. پەیڕەوی فێرکاریش پێویستە بەردەوام پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و کواڵێتییەکی بەرزی هەبێت و ڕێگاکانی وانەوتنەوەش بەجۆرێك بن کە قوتابی تیایاندا ناوەند بێت و مامۆستاش بەردەوام گەشە بەتواناکانی بدرێت.

### ١-١. گرنگی توێژینەوەکە

یەکێکە لە گرفتەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستان کە کاریگەرییەکەی بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەوە دیارە ئەوەیە کە ئاستی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی بیرکاری وەکو پێویست نییە بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان . توێژەران (Edsys ، ٢٠٠٩) ئەمە بۆ زۆر هۆکار دەگێڕنەوە وەکو ژینگەی خوێندن و

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 12 تەمووز ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٤ ئەیلوول ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٦ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەران: mabubakir72@gmail.com ، raharahbar664@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ ئەبوبەکر قادر مستەفا، ڕەهبەر مەسعود عبدالخالق، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەیڕەوەکانی فێرکاری و مامۆستا و خودی قوتابی و ژینگەی کۆمەڵایەتی . بۆیە  یەکێك لە کارە گرینگەکان ئەوەیە کە بەردەوام توێژینەوە بکەین و بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێین و دەستنیشانیان بکەین کە دەبنە هۆی نزمی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابی بە تایبەتی لە بابەتی بیرکاری کە یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی قۆناغەکانی خوێندن. هەروەها  نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە داهاتووی ڕۆڵەکانمانەوە هەیە، بۆیە پێویستە لە هۆیەکانی بکۆڵینەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەی زۆر و بەردەوام هەیە.

توێژەران پۆلی دەیەمی زانستیان هەڵبژاردووە چونکە سەرەتای خوێندنی قۆناغی ئامادەییە و وەکو بناغەیەکە بۆ پۆلەکانی دواتری خۆی کە قوتابی تیایدا ئامادە دەکرێت بۆ پەیمانگە و زانکۆکان . بۆیە پێویستە لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە بوونەتە هۆی دابەزینی ئاستی قوتابیان لەم پۆلە، دەمانەوێت بزانین لە ڕوانگەی قوتابییان ئەو هۆکارانە چین کە بونەتەهۆی دابەزینی دەستکەوتی بەشێك لە قوتابییان.

دابەزینی ئاستی خوێندنی قوتابیان لە هەر بابەتێکی خوێندن بە تایبەتی بیرکاری کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو کارانەی کە لە داهاتوودا پێیان دەسپێردرێت و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات (جدران، ٢٠٠٨، ص٩١).

## ١-٢. کێشەی توێژینەوەکە

ئەو بارودۆخەی کە عێراق و کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت گرفتی زۆری دروستکردووە و لێکەوتی نەرێنی هەبووە لەسەر گشت بوارەکان وەکو بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردە و فێرکردن. ڕەنگدانەوەی لەسەر قوتابییانیش هەبووە بەوەی دەستکەوتی خوێندنیان کەمتر بێت بە تایبەتی لە بابەتی بیرکاری. بە پێی ئەو ئامارەی کە توێژەران لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان وەریان گرتووە ڕێژەی دەرنەچوونی قوتابییان لە بابەتی بیرکاری لە پۆلی دەیەمی زانستی بەراورد بە بابەتەکانی تر لە هەمووی زیاتر بووە، لە ئامارەکەدا هاتووە کە ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان لە بابەتی بیرکاری لە پۆلی دەیەمی زانستی ٦٨٪ بووە کەچی لە بابەتەکانی تر زیاتر بووە بۆ نمونە لە فیزیا ٧٤٪ و لە کیمیا ٧٥٪ لە زیندەزانی ٨١٪ و لە زمانی ئینگلیزی ٧٦٪ و لە زمانی عەرەبی ٨٠٪ بووە.

توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە دابەزینی ئاستی دەستکەوت لە بابەتی بیرکاری کاریگەری دەبێت لەسەر بەرهەمەکانی هاونیشتمانییان لە داهاتوودا لە ڕووی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئابوورییەکان و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کە یەکێکە لە کارامەییە گرنگەکانی سەدەی بیست و یەک و کارامەیی ژماردن و هۆشیاری ژمارەیی پەیوەست بە وڵاتەوە، هەروەها کارامەییەکانی پەیوەست بە پیشەوە( Enu et al, 2015, Ali et al, 2016, Karakolidis A, et al, 2016)

لەبەر ئەم هۆکارانە توێژەران هەڵسان بە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی نزمی ئاستی بەشێك لە قوتابیانی پۆلی دەیەمی زانستی لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی تایبەت بەمە و دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

ئەو هۆکارانە چین بوونەتە هۆی نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای بەشێك لە قوتابیانی پۆلی دەیەمی زانستی لە بابەتی بیرکاریدا؟

## ١-٣. پرسیاری توێژینەوەکە

هۆیەکانی نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی لە قوتابییانی پۆلی ١٠ی زانستی چین؟

## ١-٤. ئامانجی توێژینەوەکە

زانینی هۆیەکانی نزمی دەستکەوتی خوێندنی بەشێك لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی زانستی لە بابەتی بیرکاریدا

## ١-٥. سنووری توێژینەوەکە

١. بواری مرۆیی: قوتابییانی قۆناغی دەیەمی زانستی لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی هەولێر
٢. بواری کات: ماوەی ٢٠٢٣/٠١/٠٢ تاکو ٢٠٢٣/٠٤/٣٠
٣. بواری شوێن: ئامادەییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر

## ١-٦. دیاریکردنی زاراوەکان

دەستکەوتی خوێندن:  ئاستێکی دیاریکراوی بەدەستخستنە، یاخود جۆرێك لە تواناکارییە لە کاروباری خوێندنگە کە لە لایەن وانەبێژان و مامۆستایانەوە پێوانە دەکرێ یاخود لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەکان(العيسوى وأخرون،٢٠٠٦،ص١٣، Busari, ٢٠٠٠)

بیرکاری: زانستێکە لقە سەرەکییەکانی پێك دێت لە ژمارەکان و هێماکان و کردارە بنەڕەتییەکان و جەبر و ئەندازە و زانستی سێگۆشەکان و ئامارکاری (چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق، ٢٠١٢: لا ٣٦، Kitta, ٢٠٠٤)

قوتابیانی قۆناغی دەیەمی زانستی: پۆلی ١٠ ی زانستی ئەو قوتابیانەن کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ١٧ ساڵانە و لە ساڵی دەیەمی خوێندنن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان/ عێراق. (سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان، ٢٠٠٩: لا ١٠).

# ٢ . چوارچێوەی بیردۆزی توێژینەوەکە

## ٢-١. چەمکی دەستکەوتی خوێندن

چەمکی دەستکەوت یەکێکە لەو چەمکە بە بایەخەی کە لە ناو ناوەندەکانی توێژینەوە ئەکادیمی و بەرهەمهێنانی زانەکی گفتوگۆی چڕوپڕی لەسەر کراوە و دەکرێت. ئەم چەمکە لە زۆرینەی بوارەکان توێژینەوەی لەسەر کراوە، بە تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن چونکە ئاستی بەدیهاتنی ئامانجە زانەکییەکان پیشان دەدات.

(احمد اللقاني وعلي الجمل، ١٩٩٩، ٤٧) دەستکەوتی خوێندن بەم جۆرە دەناسێنن: ("چەندێتی دەستکەوتنی خوێندکار لەو ئەزموون و شارەزاییانە کە لە چوارچێوەی بڕیارلێدراوەکانی پرۆگرامەوەیە، ئەمەش پێوانە دەکرێ بەو نمرەیەی خوێندکار لە تاقیکردنەوەکان بە دەستی دێنێ").

هەروەها پێناسە دەکرێ بەوەی کە ئاستێکی دیاریکراوی بەدەستخستنە، یاخود جۆرێك لە تواناکارییە لە کاروباری خوێندنگە کە لە لایەن وانەبێژان و مامۆستایانەوە پێوانە دەکرێ یاخود لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەکان (العيسوى وأخرون، ٢٠٠٦، ١٣).

وە ئەو پێوەرەی بۆ زانینی ئاستی دەستکەوتی خوێندن پشتی پێ دەبەسترێ بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی لە چوارچێوەی ساڵێکی خوێندن بە دەستی دەهێنێت، یاخود لە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

کۆتایی وەرزی یەکەم یان دووەم، ئەمەش پاش بڕینی تێست و تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتوویی (الحموي، ٢٠١٠، ١٨٠).

## ٢-٢. گرنگی دەستکەوتی خوێندن

بابەتی دەستکەوت بایەخێکی فرەی هەیە لە ژیانی مرۆڤ بە هەموو قۆناغە جۆراوجۆرەکانییەوە. دەستکەوت ڕادەی توانایی و هەوڵ و ماندوبوونەکانی تاك پیشان دەدات، سەرەڕای ئەوەی دەرخەری ڕژدبوونی تاکە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکان. یەکێك لە جۆرە گرنگەکانی دەستکەوت بریتییە لە دەستکەوتی خوێندن. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕادەی سەرکەوتنی فێرخواز لە پرۆسەی فێربوون و خوێندن. لە لایەکیدییەوە زانستە سایکۆلۆجییەکان باس لە گرنگی دەستکەوتی خوێندن دەکەن لە ڕووی تێرکردنی پێداویستییەکانی تاك و گەیشتن بە خاڵی گونجاندنی دەروونی(التوافق النفسي)، پەسندکردنی خود و تووشنەبوون بە ئاریشە و گرفتە ڕەفتارییەکان کە دەبنە هۆکاری سستی خوێندنگەکان (أحمد،٢٠٢٠، ١٤). دەستکەوتی خوێندن نیشاندەرێکی هەستیارە بۆ دەرخستنی ئاستی سەرکەوتوویی فێرخواز لە ژیانی خوێندنگەیی و تەنانەت ژیانی واقیعیش، چونکە پەیوەستە بەتوانای کارلێککردن و ژیان لەگەڵ ئەوانیدی لە پاشەڕۆژدا. بەهەمان شێوە پەیمانگە و کۆلێژەکانیش وەك پێوەری وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی خوێندکاران مامەڵە لەگەڵ دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان دەکەن بە گشتی و دیاریکردنییان لە جۆری پسپۆڕییەکان بە تایبەتی (بوخالقە، ٢٠١٥، ١٥).

## ٢-٣. فاکتەرە کاریگەرەکان لە دەستکەوتی خوێندن

لەسەر ئاستە فراوان و گشتییەکە دەستکەوتی خوێندن وەك پێوەری بنەڕەتی زانینی چەندێتی و چۆنێتی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان سەیردەکرێ. هەر بۆیە توێژەران و بەرپرس و بڕیاربەدەستانی پەروەردە بەردەوام لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەکەن لە هۆکار و شێوازەکانی بەرزبوونەوە یاخود نزمبوونەوەی دەستکەوتی خوێندن. لە گرنگترین فاکتەرە کاریگەرەکان کە توێژەر (أحمد، 2010) ئاماژەی پێ کردووە بریتین لە:

أ. فاکتەرە کەسییەکان: ئەمەش دۆخی دەروونی و سروشتی پرۆسە ژیرییەکان دەگرێتەوە وەك: پەیپێبردن، ئاگاهی، بیرکردنەوە و ژیری، ئەو پرۆسانەیش گرنگی یەکلاکەرەوەیان هەیە لە پرۆسەی فێربوون و تەنانەت هەر کەموکوڕییەك لەو لایەنە ڕاستەوخۆ جێکەوتی دەبێت لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن.

هەروەها فاکتەرە کەسییەکان دۆخی تەندروستی خوێندکاریش دەگرێتەوە، وەك بوون و نەبوونی نەخۆشییە درێژخایەنەکان یاخود بوون و نەبوونی کەموکوڕی فسیۆلۆجی و بایۆلۆجی ئەمەش تین و تاوی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاستی دەستکەوت.

ڕووکارێکی دی لە فاکتەری کەسی بریتییە لە ئارەزوو و ئاراستەی خوێندکار لە ژیان. ئەو شتانەی حەزی پێدەکات، ئەو ئامانجانەی هەوڵی بۆ دەدات، هەروەها جۆری ئاراستە و جیهانبینی خوێندکار، ڕاستەوخۆ دنەی تواناکانی دەدەن بۆ چەند و چۆنی هەوڵ و تەقەلاکانی.

ب. فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان: لێرەدا پتر جەخت لەسەر سەقامگیری خێزانی و ئاستی فەرهەنگی و ئابوری دەکرێتەوە. ئەو منداڵەی لە خێزانێکی تەژی بە ئاریشە و هەڵوەشاوە دەژیێت، وا چاوەڕوان دەکرێ دەستکەوتی خوێندنی نزم بێت. هەروەها باری ئابووری خراپ و دۆخی هەژاری خێزان وادەکات منداڵ کەمتر دەستی ڕابگات بە هۆکار و کەرەستەکانی خوێندن، بەمەش بێبەش دەبێت لە ئامراز و کەرەستە پێویستەکان.

هەروەها باری فەرهەنگی و نزمی ئاستی هۆشیاری و تەسکی ڕۆشنبیری دایك و باوك، تاووتینی زۆری هەیە لەسەر حەز و ئارەزوو و ئاراستەی ژیانی خوێندکار و جۆری ئامانج و هەموو ئەوانەش بەسەر یەکەوە جێکەوتیان هەیە لەسەر حەز و تامەزرۆیی خوێندکار بۆ خوێندن و زانست و مەعریفە، هەروەها کاریگەرییان هەیە لەسەر دەستکەوتی خوێندن.

ت. فاکتەرە ژینگەییەکان: پێوەندی بە ژینگەی قوتابخانە، مامۆستا، پرۆگرامە بڕیارلێدراوەکان و ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە هەیە. بۆ نموونە خراپ هەڵبژاردنی مێتۆدەکان لە لایەن مامۆستایان لە هەر ماددەیەك یاخود وانەیەك کاریگەری لەسەر نزمی ئامانجە فێرکارییەکانی ئەو وانەیە دادەنێت لەسەر ئاستی زانەکی خوێندکاران و نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن. چەندان توێژینەوە جەختیان لەسەر پێوەندی نێوان مێتۆدەکانی وانەوتنەوە و ئاستی دەستکەوتی خوێندنەوە کردۆتەوە وەك توێژینەوەی (المصوري، ١٤١٣هـ).

هەروەها کەسایەتی مامۆستا، کاریگەری هەیە لەسەر پاڵنەرەکانی خوێندکار و حەز و خولیاکانی و دواجار لە کۆتاییدا ئاستی دەستکەوتی خوێندن (أحمد، 2010، 118).

نەبوونی پرۆگرامی بڕیارلێدراوی گونجاو یاخود بوونی پرۆگرامەکە بە کۆمەڵێ خەوش و کەم و کوڕییەوە کاریگەری دەبێ لەسەر قووڵی یان تەنکی زانەکی لە لایەك و وەرچەرخانی ئەم زانەکییە بۆ توانست و کارامەیی، بە ئەگەری زۆر جێکەوتی هەیە لەسەر نزمبوونی دەستکەوتی خوێندن. بە پێچەوانەیشەوە، پرۆگرامی بڕیارلێدراو ڕەچاوی حەز و ئارەزووەکانی خوێندکار بکات و لە ڕووی زانەکییەوە جۆری و پڕ و تێر بێت و لە ڕێگای ڕێبازەکانیشەوە بکرێتە توانست و کارامەیی، ئەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرزی دەستکەوتی خوێندن. هەروەها دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی فێرکاری بۆ ئەوەی کۆمەکی پرۆسەی فێربوون بکات، یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکانی بەرزکردنی ئاستی زانەکی فێرخواز و دەستکەوتی خوێندن. پێچەوانەی ئەمەش وەڕاست دەگەڕێ. زۆر توێژینەوە جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەنەوە وەك توێژینەوەی (کانی عمر إسماعیل، ٢٠٢٢).

## ٢-٤. ئامرازەکانی پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندن

ئامانج لە پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندن تەنها لەوە قەتیس نابێ کە بزانین چەندە ئامانجەکان بەدیهاتوون، بەڵکە ئەوەش بەرچاومان ڕۆشن دەکات تاوەکو پرۆسەی چارەکردن و ڕاستکردنەوەی ئامانجە فێرکارییەکانیش بە بەردەوامی لەبەرچاو بگرین و لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەیش، ئامانجی تازەتر دابنێین، هەروەها دانانی پلانی ستراتیژی بۆ بەرجەستەکردنیان(Annie et al, 1996).

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندن پێویستی بە کۆمەڵێ هۆکار و ئامرازی بابەتی هەیە تاوەکو بە هۆیەوە مامۆستا بتوانێ بڕیاری دروست و ورد بدات لەسەر ئەوەی فێرخواز فێری بووە لە پرۆسەکە. توێژەران (الحموی، 2010 و الزهرانی، 2009) لە توێژینەوەکانیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە باسی هۆکار و ئامرازەکانیان کردووە:

یەکەم: تێبینیکردن: مامۆستا بە هەموو هەستەکانییەوە چاودێری هەڵسوکەوت، ڕەفتار و کردار و گوفتارەکانی فێرخواز دەکات هاوپەیوەست بە پرۆسەی فێرکاری و لایەنی زانەکی و کارامەییەکان. بەهۆی پرۆسەی چاودێریکردن و ڕوانینەوە، فێرکار دەتوانێ ئەو داتایانەی پێویستن بەدەست بخا و پێوانەی ئاست و ڕێژەی دەستکەوتی خوێندکار بکات. ئەم پێوەرە ئەگەر بە وردی بەکاربێت، ئەوا مامۆستا دووردەخاتەوە لە هەڕەمەکی و فەوزا، هەروەها مامۆستا دووردەخاتەوە لە لاگیری و چەوێر.

دووەم: چاوپێکەوتنی تاکی و کۆمەڵییانە: فێرکار دەکرێ لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی کەسی یاخود بە کۆمەڵ ئاستی دەستکەوتی زانەکی خوێندکارانی دەستنیشان بکات لەم ڕێگایەشەوە ئاستی بەدیهاتنی ئامانجە فێرکارییەکان دیاربکات. ناوەڕۆکی ئەم ئامرازە پێوانەییەش بریتییە لە ئاڕاستەکردنی پرسیارە زارەکییەکان و گفتوگۆکردن لەگەڵییان، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی ئەندازەی ئاستی دەستخستنی زانەکی و ئاستی بیرکردنەوە و ئاڕاستە و حەزەکان کە قوتابی هەڵگریانە.

سێیەم : ڕاپۆرت و پرۆژەکانی توێژینەوەی خوێندکاران: ئەوانەش لەتوانایاندایە وەك پێوەرێك ئاستی داهێنانی خوێندکارانی دەستنیشان بکەن لە ڕووی پلاندانان و بەیەکەوە بەستن و گرێدانی پارچەکانی زانیاری ، و توانای گونجان لەگەڵ کەسانیدی و کارکردنی بەکۆمەڵ و هاوکاری و هەڵوێستە ژیانییە ڕاستەقینەکان.

چوارەم: خودهەڵسەنگاندن: ئەمەش خوێندکار ئەوانە دەستنیشان دەکەن کە فێری بوون، بە بەکارهێنانی پێوەرە ئەندازەیی و ڕاست و هەڵە و ڕاپرسییەکان، بە ڕەچاوکردنی وردی و بابەتێتی . تایبەتمەندی ئەم پێوانەش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەندازەگرتنی دەستکەوت، قوتابی توانادار دەکا لە زانینی خاڵی ئەرێنی و نەرێنی خۆی و ڕاستکردنەوەی ئەدای داهاتوو، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ بەراوردکردنی ئاستە جیاوازەکانی خوێندکاران لە لایەن مامۆستایان.

پێنجەم: تاقیکردنەوەکان: ئەو تاقیکردنەوانەی لەناو ناوەندەکانی خوێندن ئەنجام دەدرێن. بریتییە لەو تاقیکردنەوانەی کە مامۆستا ئامادەی دەکات بۆ زانینی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران. چەند مەبەستێك هەیە لە تاقیکردنەوەکان: دیارکردنی خاڵی بێهێز و بەهێز لە ڕووی دەستکەوتی خوێندن و دیاریکردنی ئاستییان. هەروەها ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بە مەبەستی وەرگرتنی فیدباك و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکان ، لە پۆلی ١٢ ش بۆ هەڵبژاردنی قوتابییان بۆ چوونە خوێندگە باڵاکان.

## ٢-٥. جۆرەکانی تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت

یەکەم: تاقیکردنەوە بە یاساکراوەکان: ئەوانەش تاقیکردنەوەی بونیادنانی و تاقیکردنەوە و پشکنینەکانن لە ڕووی دروستکردنی پێوەر و پێوانە دەروونی و ژیرییەکان لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە .

دووەم: تاقیکردنەوە زارەکییەکان: ئاڕاستەکردنی پرسیاری ڕاستەوخۆ بەزارەکی بۆ خوێندکاران و پێوانەکردنی ئاستی بیرکردنەوە و دەستکەوتی مەعریفی.

سێیەم: تاقیکردنەوە نووسەکییەکان: بریتین لەو تاقیکردنەوانەی کە پێنوس و کاغەز بەکاردێت تێیاندا. ئەوەش یەکێکە لەوانەی دەستکەوتی خوێندن دیاردەکا.

چوارەم: تاقیکردنەوەی ئەنجامدان: بریتییە لەو تاقیکردنەوانەی کە پیادەکردنە، واتە نازارەکییە. ئەو تاقیکردنەوانە پەیوەستە بە کارامەییە جولەکییەکان و تاقیگە زانستییەکانە (العزاوی، 2007: ٣٦-٤٢ و أبوعلام،رجاءمحمود،٢٠٠٧: ٣٨٩).

## ٢-٦. بیرکاری بۆ هەمووان پۆلی ١٠ی زانستی

کتێبی بیرکاری بۆ هەمووانی پۆلی (١٠)ی زانستی لە هەشت بەش پێك دێت و ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٥٢ لاپەڕەیە. بەشی یەکەم: باس لە ژمارەکان و کردارەکان دەکات. بەشی دووەم: تایبەتە بە نەخشەکان. بەشی سێیەم: بڕەکان و نەخشە دووجاکان. بەشی چوارەم: بڕەکان و نەخشە ڕاددەدارەکان. بەشی پێنجەم: بڕەکان و نەخشە ڕێژەییەکان. بەشی شەشەم: ئەگەر و ئامار. بەشی حەوتەم: ئەندازە. بەشی هەشتەم: سێگۆشەزانی.

کتێبی (بیرکاری بۆ هەمووان)ی پۆلی دەیەمی زانستی لە قۆناغی ئامادەیی هەفتانە پێنج بەشەوانە دەخوێندرێت و بناغەیەکی زۆر پێویستە بۆ پۆلی ١١ و ١٢ ی زانستی. (بیرکاری بۆ هەمووان پۆلی دەیەمی زانستی، کۆمپانیای هارکۆرت، کۆمپانیای جیۆپرۆجێکتس، ٢٠٢١)

## ٢-٧. توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەران دوای بەدواداچوونیان بۆ کۆمەڵێك لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی پەیوەست بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە کە تایبەتە بە هۆیەکانی نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای بەشێك لە قوتابییانی پۆلی دەیەمی زانستی لە بابەتی بیرکاریدا، بە ئامانجی بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و ئاگاداربوون لە تەکنیك و هەنگاوەکانی توێژینەوە زانستییەکە هەروەها ئەو ئامرازانەی بەکاردێن بۆ توێژینەوەکە و چۆنییەتی دیزاینکردنیان و سوودبینین لە ئامرازە بەکارهاتووەکان، هەروەها بۆ ئاشنابوون بە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتوون لەگەڵ سوودبینین لە پێشنیاز و ڕاسپاردەکان و دەرخستنی پێگەی ئەم توێژینەوەیە و بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشتر و ئەو خزمەتەی پێشکەشی دەکات لەم قۆناغە. بەشێك لەو توێژینەوانە بریتی بوون لە:

توێژینەوەی (کاظم، مشیری، عبد:٢٠١٥) معهد اعداد المدربین التقنیین/ الجامعة التقنیة الوسطی بە ناونیشانی (هۆیەکانی دابەزینی دەستکەوتی خوێندن لای بەشێك لە قوتابییان لە بابەتی بیرکاری). توێژینەوەیەکە لەسەر بەشێك لە قوتابییان ئەنجامدراوە، ئامانج تیایدا زانینی هۆیەکانی دابەزینی ئاستی بەشێك لە قوتابییانە لە بابەتی بیرکاری لە ڕوانگەی قوتابییانەوە، توێژەران دوای دانانی ڕاپرسییەك وەکو پێوەر، بەسەر ٦٠ قوتابی لە هەردوو ڕەگەز لە پەیمانگەی ئامادەکردنی ڕاهێنەرانی تەکنیکی جێبەجێکرا و ئەنجامەکان ئەوەی دەرخست کە گرنگترین هۆیەکانی دابەزینی دەستکەوتی خوێندن بریتین لە : بیر ڕۆیشتن لە ناو پۆل، خراپی

بارودۆخی ئەمنی ، زەحمەتی دەوامکردنی رۆژانە ، بەشدارینەکردنی قوتابییان لە چالاکییەکانی ناوپۆل بەهۆی شەرمکردن، لاوازی لە خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، کەمی ئارەزووی قوتابی بۆ خوێندنی بیرکاری و خەریك بوون بە کاروباری خێزان.
توێژەران دواتر چەند راسپاردەیەکییان نووسیوە.
توێژینەوەی (بوعنانی، کریمە: ٢٠١٨) بە ناونیشانی (هۆیەکانی دابەزینی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلە بنەڕەتییەکان لە بابەتی بیرکاری). توێژینەوەیەکە لەسەر بەشێك لە قوتابییان ئەنجامدراوە، ئامانج تیایدا زانینی هۆیەکانی دابەزینی ئاستی قوتابییانە لە بابەتی بیرکاری لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، توێژینەوەکە بەسەر ١٥٠ لە مامۆستایانی پۆلەکانی چوار و پێنجی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەز جێبەجێکرا و ئەنجامەکان ئەوەی دەرخست کە گرنگترین هۆیەکانی دابەزینی دەستکەوتی خوێندن بریتین لە: نزمی باری کۆمەڵایەتی خێزان، قەرەباڵغی پۆلەکان، نەبوونی شارەزای تەواو لای مامۆستایان بە تیۆریا پەروەردەیی و دەروونییەکان، بوونی گرفتی ڕەفتاری لای قوتابییان، کەموکوڕی لە بواری تەندروستی قوتابی، پەیڕەوی فێرکاری وەکو پێویست بۆ قوتابییان ڕوون ناکرێتەوە، کەمی ئامراز و کەل و پەلی فێرکاری لە قوتابخانە، لاوازی پاڵنەر بۆ قوتابییان، لاوازی لە دەستکەوتی ساڵانی پێشووتر، دەرك نەکردنی قوتابی بە گرنگی خوێندن و قوتابخانە. دواتر چەند راسپاردەیەکیان نووسیوە.
توێژینەوەی (Jamel & Ali, 2016) بەناونیشانی (هۆکارەکانی نزمی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی بیرکاری لەڕوانگەی قوتابییان، مامۆستایان و دایبابان). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە ناوچەی فەیسەل ئاباد کە ژمارەکە (٦٠٠) بەشداربوو بووە. نمونەی توێژینەوەکەش پێکهاتبووە لە (٢٠٠) قوتابی کە نیوە لە ڕەگەزی نێر و نیوەیش لە ڕەگەزی مێ بوو، هەروەها (٢٠٠) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز نیوە بە نیوە بەیەکسانی، هەروەها (٢٠٠) دایباب کە نیوەیان دایکن و نیوەکەیتریان باوك. نمونەکەیش بە ڕێگەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرا. توێژەران ڕاپرسییەکی داخراویان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بنەمای پێوەری پێنجی لیکرت، (١)هاوڕام بە تەواوی، (٢) هاوڕام، (٣) دڵنیانیم، (٤) هاوڕانیم، (٥) بەتەواوی هاوڕانیم. پاش ئەوەی توێژەران ئامرازە ئامارییەکانیان بەکارهێناوە بە بەرنامەی SPSS، گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامانە: هۆکاری سەرەکی نزمی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی بیرکاری لای قوتابییان بریتییە لە نەبونی نەرمی نواندن لای مامۆستایانی بیرکاری لەکاتی گوتنەوەی وانەکە و جێبەجێنەکردنی بیرکاری وەك ڕاهێنان و بەکارهێنان، هەروەها بێبەرپرسیارێتی قوتابییان و گرنگیپێنەدانیان وانەی بە بیرکاری.

## ٣. ڕێکارییەکانی توێژینەوە

### ٣,١ ڕێبازی توێژینەوەکە

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران ڕێبازی پەسنی شیکارییان بەکارهێنا لەبەر گونجانی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە. ڕێبازی پەسنی یەکێکە لە ڕێبازە زانستییە باوەڕپێکراوەکان لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیدا. (النوح، ٣٢،٢٠٠٤).

### ٣,٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێك دێت لە هەموو قوتابیانی پۆلی دەیەمی زانستی کە تۆمارکراون لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە قوتابخانە حکومییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) و کۆی گشتی قوتابیان (٩٦٦٩) قوتابی بوو، (٤٦٧٠) یان لە ڕەگەزی نێر و (٤٩٩٩) لە ڕەگەزی مێ، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (١) بەشی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی هەولێر، ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

| ڕەگەز | ژمارەی قوتابخانەکان | ڕەگەز | ژمارەی قوتابییان |
|---|---|---|---|
| نێر(کوڕان) | ٣٠ | کوڕان | ٤٦٧٠ |
| مێ(کچان) | ٤١ | کچان | ٤٩٩٩ |
| کۆی گشتی | ٧١ قوتابخانە | | ٩٦٦٩ قوتابی |

### ٣-٣. نمونەی توێژینەوەکە

ڕێگەی هەڕەمەکی چینایەتی بە کارهاتووە بۆ دیاریکردنی ژمارەی قوتابییانی نمونەی توێژینەوەکە. توێژەران هەستان بە جیاکردنەوەی قوتابخانەکانی کچان و کوڕان، پاشان لە ڕێگەی تیروپشك قوتابخانەیەکی کچان دیاریکرا و قوتابخانەیەکی کوڕان دیاریکرا. ژمارەی قوتابییانیش لە ڕەگەزی نێر بریتی بوون لە (٦٨) قوتابی لە دواناوەندی شێخ مەحمودی کوڕان و (٧٣) قوتابی لە ڕەگەزی مێ لە دواناوەندی سەروەرانی کچان. هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٢) قوتابخانەکانی نمونەی توێژینەوەکە و ژمارەی قوتابییەکان

| ناوی دواناوەندی | ژ. قوتابییان |
|---|---|
| دواناوەندی شێخ مەحمودی کوڕان | ٦٨ |
| دواناوەندی سەروەرانی کچان | ٧٣ |
| کۆی گشتی قوتابییان | ١٤١ |

### ٣-٤. ئامرازی توێژینەوەکە

توێژەران بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە پشتیان بەست بە ڕاپرسی توێژینەوەیەکی پێشوو کە لە لایەن (کاظم، مشیری، عبد: ٢٠١٥، بغداد) ئامادەکراوە و لە توێژینەوەکەیاندا بەکاریانهێناوە لەژێر ناونیشانی؛ هۆیەکانی نزمی ئاستی دەسکەوتی خوێندن لای قوتابیان لە بابەتی بیرکاریدا لە ڕوانگەی خۆیانەوە.

### ٣-٥. ڕاستگۆیی ڕوواڵەتی ڕاپرسییەکە

١. ژمارەی بڕگەکانی پێوەری (ڕاپرسی) توێژینەوەکە بریتی بوو لە ٣٤ بڕگە. دوایی نێردرا بۆ شارەزایان و پسپۆڕان و سەرنجەکانی خۆیان خستەڕوو.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

٢. توێژەران هەستان بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەموو سەرنج و تێبینی و پێشنیازەکان کە لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕان نووسرابوون، دوای ئەوە توێژەران لە ژێر ڕۆشنایی زۆرینەی ڕای شارەزایان و پسپۆڕان هەستان بە هەموارکردنی چەند بڕگەیەک و تێکهەڵکێشکردن و لادانی چەند بڕگەیەکی تر، لە ئەنجامی ئەمەدا ڕاپرسییەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات و بوو بە ٣٠ بڕگە و ژمارەی کلیلی بژاردەکانیش بە سیانەیی مانەوە کە بریتی بوون لە: (لەگەڵیم، بێ لایەنم، لەگەڵ نیم)، کە ڕیزبەندییەکەی (١،٢،٣) بۆ هەر بڕگەیەك و بەرزترین پلە دەبێتە (٩٠) و نزمترین پلە دەبێتە (٣٠) و ناوەندەکەشی دەبێتە (٦٠).

### ٣-٦. جێگیری پێوەرەکە

بۆ وەرگرتنی جێگیری بۆ پێوەرەکە، توێژەران هەستان بە وەرگرتنی ٣٦ قوتابی پۆلی (١٠)ی زانستی بەدەر لە نمونەکە لە ئامادەیی نەوژینی کچان. بۆ جاری یەکەم پێوەرەکەیان بەسەردا دابەش کرا و وەڵامیان دایەوە و دواتر دوای دوو هەفتە هەمان پێوەر بەسەریاندا دابەشکرایەوە و وەڵامیان دایەوە، دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی دا بەدەست:

- ناوەندە ژمێرەیی پێوەرەکە لە جاری یەکەم بریتی بوو لە (٦١.٧) و لە جاری دووەم بریتی بوو لە (٦٢.٥)
- جێگیری پێوەرەکە بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پێرسۆن ( Pearson Correlation): پاش بەکارهێنانی هاوکێشەکە و بەسوودوەرگرتن لە پرۆگرامی ئاماری(SPSS)، دەرکەوت بە پلە و بەهای (٠,٧٧٤)ە، کە ئەمەش پەسەندە چونکە هاوکۆلکەی پێرسۆن لە نێوان(-١،١) دایە، هەرچەندە هاوکۆلکەی پێرسۆن لە ١نزیکتر بێتەوە بەڵگەیە لەسەر جێگیری زیاتری پێوەرەکە (المنيزل وغرايبة، ٢٠١١،١٢٩).
- وێنەی کۆتایی پێوەرەکە: لە کۆتا وێنەدا پێوەرەکە ژمارەی بڕگەکانی ٣٠ بڕگەیە بە بژاردەی سیانی.
- هۆکارە ئامارییەکان: ئەم هۆکارانە لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون بریتین لە هاوکۆلکەی هاوپەیوەستی پێرسۆن و فریکوێنسی و ناوەند و لادانی پێودانگی.

خشتەی ژمارە (٣): ناوەند و لادانی پێودانگی و بەهای پەیوەندی نێوان دوو تاقیکردنەوەکە

| | ژمارەی قوتابییەکان | ناوەند | لادانی پێودانگی | بەهای پەیوەندی نێوان دوو تاقیکردنەوەکە |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٣٦ | 61.7222 | 7.66667 | ٠,٧٧٤ |
| دووەم | ٣٦ | 62.5000 | 9.29670 | |

## ٤. خستنەڕووی ئەنجامەکان شیکردنەوە و گفتوگۆکردن لە بارەیان

**گفتوگۆکردن لە بارەی پرسیاری توێژینەوەکە؛ هۆیەکانی نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی زانستی لە بابەتی بیرکاریدا چین؟4.1**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەران دەستیانکرد بە ئەژمێرکردنی فریکوێنسی و ناوەندەکان و لادانە پێودانگییەکان و ڕێژەی سەدی بۆ وەڵامی هەموو دەستەواژەکان هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٤) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە(٤) فریکوێنسی و ناوەند و لادانە پێودانگییەکان و ڕێژەی سەدی بۆ وەڵامی هەموو دەستەواژەکان

| | دەستەواژە | ژمارەی بڕگە | فریکوێنسی | ناوەند | لادانی پێودانگی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .١ | قوتابییان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکاندا. | ١٤ | 124 | 2.8156 | .56341 | 87.9 |
| .٢ | خشتەی وانەی ڕۆژانە زیاتر لە بابەتێکی قورسی تێدایە. | ٢٨ | ١٢٣ | 2.8014 | .51551 | 87.2 |
| .٣ | زۆری یاسا و بابەتەکانی وانەی بیرکاری. | ٢٥ | ١١٨ | 2.7447 | .61417 | 83.7 |
| .٤ | قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی بابەتی بیرکاری. | ٢٦ | ١٠٧ | 2.6028 | .74527 | 75.9 |
| .٥ | نەبوونی توانای قوتابییان لەسەر وەبیرهاتنەوەی ئەو بابەتانەی پێشووتر خوێندوویانە. | ١ | ٩٨ | 2.4965 | .80732 | 69.5 |
| .٦ | لاوازی لە ئاگایی بۆ وانەکانی بیرکاری دەبێتە هۆی لاوازی لە دەستکەوت. | ٤ | ٩٧ | 2.4894 | .80726 | 68.8 |
| .٧ | کەمی پێداچوونەوەی ڕۆژانە بە وانەی بیرکاری لە لایەن قوتابی. | ٥ | ٩٦ | 2.4965 | .78943 | 68.1 |
| .٨ | زۆری ژمارەی قوتابییان لە یەك پۆلدا. | ١٠ | ٩٢ | 2.4113 | .85416 | 65.2 |
| .٩ | نەبەستنەوەی بابەتەکانی بیرکاری بە واقیعی ژیان و گوزەران. | ٢٤ | ٨٩ | 2.5177 | .69285 | 63.1 |
| .١٠ | کەمی شارەزایی سەرەتایی لای قوتابی لە بابەتی بیرکاری. | ٧ | ٨٧ | 2.3901 | .83472 | 61.7 |
| .١١ | بەکارنەهێنانی تەکنۆلۆژیا و هۆکارەکانی فێرکردن بە شێوەیەکی گونجاو. | ١٨ | ٨٦ | 2.4397 | .76875 | 61.0 |
| .١٢ | لاوازی متمانەی قوتابی بە خۆی بۆ دەرچوون و سەرکەوتن لە بابەتی بیرکاری. | ٦ | ٨٥ | 2.3121 | .89550 | 60.3 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣. | قورسی ناوەڕۆکی پرۆگرامی بیرکاری دەبێتە هۆی لاوازی لە دەستکەوتی قوتابییان. | ٢٣ | ٨٤ | 2.3972 | .80071 | 59.6 |
| ١٤. | پێنەدانی کاتی پێویست بە قوتابیان بۆ بیرکردنەوە لە کاتی شیکارکردنی پرسیارەکان. | ١٧ | ٨٢ | 2.3191 | .86453 | 58.2 |
| ١٥. | مامۆستاکان ڕەچاوی جیاتاکی ناکەن لە نێوان قوتابیان. | ٢١ | ٧٩ | 2.3333 | .82520 | 56.0 |
| ١٦. | ئەو ڕێگایانەی مامۆستایانی بیرکاری بەکاری دێنن بێزارکەرن و سەرنجڕاکێش نین. | ٢٠ | ٧٥ | 2.2624 | .85895 | 53.2 |
| ١٧. | لاوازی ئارەزووی قوتابی بۆ خوێندنی بابەتی بیرکاری. | ٩ | ٧٥ | 2.2411 | .87750 | 53.2 |
| ١٨. | لاوازی لە وتنەوەی بابەتی بیرکاری لە قۆناغەکانی خوێندنی ڕابردوو. | ٢٢ | ٧٥ | 2.2340 | .88349 | 53.2 |
| ١٩. | لاوازی ئامادەگی قوتابی بۆ تاقیکردنەوە لە بابەتی بیرکاری. | ٨ | ٧٤ | 2.2057 | .89855 | 52.5 |
| ٢٠. | قوتابیان ئەو ئەرکەی پێیان دەدرێت لە لایەن مامۆستایانەوە جێبەجێی ناکەن. | ١٣ | ٧٣ | 2.2128 | .88486 | 51.8 |
| ٢١. | کارلێکی قوتابییان لەگەل مامۆستایان لە ناو وانەدا سنووردارە. | ١٢ | ٧١ | 2.1773 | .89669 | 50.4 |
| ٢٢. | ئاراستەی قوتابییان بۆ وانەی بیرکاری نەرێنییە. | ٣ | ٦٣ | 2.2270 | .84827 | 49.6 |
| ٢٣. | ئەو ئەرکانەی لە قوتابی داوا دەکرێن بێزارکەرن و زۆرن. | ٣٠ | ٦٣ | 2.0355 | .92899 | 44.7 |
| ٢٤. | قوتابییان توانای تێگەیشتنی بیرکارییان نییە ئەگەرچی بە باشیش بیخوێنن. | ١٥ | ٦٢ | 2.0638 | .90406 | 44.0 |
| ٢٥. | کەمی ئەو کاتەی تایبەت کراوە بۆ وتنەوەی وانەی بیرکاری. | ٢٧ | ٦١ | 2.0922 | .87750 | 43.3 |
| ٢٦. | زۆری پشوو و بۆنەکان لە نێو سالی خوێندندا. | ٢٩ | ٥٥ | 1.9504 | .91282 | 39.0 |
| ٢٧. | پالنەری قوتابیان بۆ خوێندنی بیرکاری پالنەرێکی لاوازە. | ١١ | ٥٢ | 2.0000 | .86189 | 36.9 |
| ٢٨. | گرنگی نەدان بە قوتابیان لە لایەن مامۆستایانی بیرکاری. | ١٦ | ٥١ | 1.9149 | .89833 | 36.2 |
| ٢٩. | مامۆستاکان وەکو پێویست ئامادەنەکراون بۆ وتنەوەی بابەتی بیرکاری. | ١٩ | ٤٧ | 1.9078 | .86932 | 33.3 |
| ٣٠. | قوتابییان بڕوایان بە گرنگی بابەتی بیرکاری نییە. | ٢ | ٢٩ | 1.5816 | .81202 | 20.6 |

ئەم خشتەیە کاریگەری هۆیەکان دەردەخا لەسەر نزمی ئاستی دەستکەوت لە بابەتی بیرکاری لای قوتابییان بە شێوەیەکی ڕیزبەندی. بۆ ئەمەش توێژەران فریکوێنسی و ناوەند و لادانی پێودانگی و ڕێژەی سەدییان بە کارهێناوە، بۆیە دەبینین ١٠ لەو هۆیانەی لە هەموویان کاریگەرترن بە فریکوێنسی 124 و بەڕێژەی سەدی 87.9% دەست پێدەکات و بە فریکوێنسی 87 و بە ڕێژەی سەدی61.7% کۆتایی پێ دێت، واتە لە کۆی (141) قوتابی (124) یان بڕوایان وایە کە قوتابییان تووشی ترس و دلەڕاوکێ دەبن لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکاندا. بە هەمان شێوەش بۆ بڕگەکانی تر بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە:

1. قوتابیان تووشی ترس و دلەڕاوکێ دەبن لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.
2. خشتەی وانەی ڕۆژانە زیاتر لە بابەتێکی قورسی تێدایە.
3. زۆری یاسا و بابەتەکانی وانەی بیرکاری.
4. قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی بابەتی بیرکاری.
5. نەبوونی توانای قوتابییان لەسەر وەبیرهاتنەوەی ئەو بابەتانەی پێشووتر خوێندویانە.
6. لاوازی لە ئاگایی بۆ وانەکانی بیرکاری دەبێتە هۆی لاوازی لە دەستکەوت.
7. کەمی پێداچوونەوەی ڕۆژانە بە وانەی بیرکاری لە لایەن قوتابی.
8. زۆری ژمارەی قوتابیان لە یەك پۆلدا.
9. نەبەستنەوەی بابەتەکانی بیرکاری بە واقیعی ژیان و گوزەرانی قوتابییان.
10. کەمی شارەزایی سەرەتایی لای قوتابی لە بابەتی بیرکاری.

- هۆکاری یەکەم: زۆرترین قوتابی هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە بە فریکوێنسی 124 و ڕێژەی سەدی (87.9%) پێیان وابووە کە کاریگەرترین هۆ بۆ نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی بیرکاری بریتییە لەوەی کە قوتابییان تووشی ترس و دلەڕاوکێ دەبن لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا سستەی تاقیکردنەوەکان پشت بە نمرەدانان دەبەستێت و دەرچوون و دەرنەچوونی قوتابی بە تاقیکردنەوە بەستراوەتەوە و جگە لەوەش قوتابی ژینگەیەکی تەواو ئارامی بۆ دابین ناکرێ بەڵکو زیاتر دەترسێنرێ و دلەڕاوکێ بەسەریدا زاڵ دەبێت و ئەمەش وادەکات نەتوانێ بە باشی بۆ تاقیکردنەوەکە بخوێنێت، ئنجا کە دێتە ناو تاقیکردنەوەکەش تووشی شێوان وپەشۆکان دەبێت و لە کۆتاییدا ئاستێکی بەرز بەدەست ناهێنێت.
- هۆکاری دووەم: خشتەی وانەی ڕۆژانە زیاتر لە بابەتێکی قورسی تێدایە، دیارە ئەمە واقیعێکە و لە زۆربەی قوتابخانەکان خشتەی وانەکان بەو جۆرە دادەنرێت کە لە بەرژەوەندی مامۆستاکان دایە و ڕەچاوی بەرژەوەندی قوتابییان ناکرێت. بۆیە ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دابەزینی ئاستی خوێندکار چونکە توانای قوتابییان بە شێوەیەکی گشتی سنووردارە و ناتوانن لەیەك ڕۆژدا بە باشی خۆیان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

بۆ چەند وانەیەکی سەرەکی ئامادە بکەن بۆ نمونە وانەکانی فیزیا و کیمیا و زیندەزانی لەگەڵ بیرکاری.

- هۆکاری سێیەم: لای زۆربەی قوتابییان بریتییە لە زۆری یاسا و بابەتەکانی وانەی بیرکاری، گومان لەوەدانییە کە کتێبی بیرکاری پۆلی دەیەمی زانستی لە هەشت بەش پێك دێت و ڕێسا و یاسای زۆری تێدایە بەجۆرێك کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نییە.
- هۆکاری چوارەم: قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی بابەتی بیرکاری ئەمەش زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت لە تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ کە بەشێکی زۆر لە قوتابییان لێی دەرناچن هەروەکو لەو داتایانەی پێشتر توێژەران ئاماژەیان پێ کرد.
- هۆکاری پێنجەم: نەبوونی توانای قوتابییان لەسەر وەبیرهاتنەوەی ئەو بابەتانەی پێشووتر خوێندوویانە، لەبەر ئەوەی بیرکاری لە هەموو ساڵەکان تەواوکەری یەکترن. بۆیە پێویست دەکات قوتابییان ئەوەی ساڵانی ڕابردوو خوێندوویانە بەردەوام لایان بێ و خاوەنی بن بەڵام ئەمە زۆر کاری لەسەر نەکراوە.
- هۆکاری شەشەم: لاوازی لە ئاگایی بۆ وانەکانی بیرکاری دەبێتە هۆی لاوازی لە دەستکەوت. ئەگەر بەراوردی وانەی بیرکاری بە وانەکانی تر بکەین دەبینین جیاوازی بیرکاری لەوەدایە کە ئەگەر مامۆستا بۆ قوتابی ڕوون نەکاتەوە و شی نەکاتەوە لێی تێناگات کەچی بابەتەکانی تر زۆربەیان قوتابی دەتوانێت خۆی تا ڕاددەیەك لێیان تێ بگات.
- هۆکاری حەوتەم: کەمی پێداچوونەوەی ڕۆژانە بە وانەی بیرکاری لە لایەن قوتابی. هەروەك دەزانین زۆرێك لە قوتابییان ئەرکی ڕۆژانەیان جێبەجێ ناکەن، ئەوە لەوانەیە بۆ بابەتەکانی تر ئەوەندە گرنك نەبێ وەکو بۆ بیرکاری گرنگە چونکە ئەگەر قوتابی وانەی دوێنێی نەخوێندبێ لە وانەی ئەمڕۆ تێناگات، هەروەها ئەگەر وانەی ئەمڕۆ باش نەخوێنێت لە وانەی بەیانی تێناگات.
- هۆکاری هەشتەم: زۆری ژمارەی قوتابییان لە یەك پۆلدا، بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکان ژمارەی قوتابییان لە پۆلەکانیان لە ٢٥ قوتابی زیاترە.
- هۆکاری نۆیەم: نەبەستنەوەی بابەتەکانی بیرکاری بە واقیعی ژیان و گوزەران. کتێبی بیرکاری بۆ هەمووان کە لە هەموو پۆلەکان لە بەردەستی قوتابییانە ٤٠% ی پرسیارەکانی پەیوەستن بە بابەتەکانی تر وەکو کیمیا و فیزیا و زیندەزانی، واتە دەتوانین بڵێین بەستراونەتەوە بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، بەڵام بەداخەوە زۆربەی مامۆستایان ئەو جۆرە پرسیارانە شیکار ناکەن بە بەهانەی ئەوەی کات بەشیان ناکات یان پێویست نین.
- هۆکاری دەیەم: کەمی شارەزایی سەرەتایی لای قوتابی لە بابەتی بیرکاری، ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ چونکە بابەتەکانی بیرکاری سروشتێکی کەڵەکەبوویان هەیە و پێویستە قوتابییان ئەوەی ساڵانی پێشتر خوێندوویانە بەردەوام لەیادگەیان بێ و مامۆستایانیش پێویستە جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەنەوە.

## ٢-٤. بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی تر

ئەو توێژینەوەیە بەوە جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو کە هۆیەکانی نزمی دەستکەوتی خوێندن دەخاتە ڕوو لای بەشێك لە قوتابیانی پۆلی ١٠ی زانستی لە ناو شاری هەولێر و پێشتر بۆ ئەم پۆلە لە قۆناغی ئامادەیی ئەم توێژینەوە ئەنجام نەدراوە. سەبارەت بە جیاوازی تر لەگەڵ توێژینەوە ناوبراوەکان :

- ئەم توێژینەوەیە بەوە جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەی (کاظم، مشیری، عبد:٢٠١٥) کە گرنگترین هۆیەکانی دابەزینی دەستکەوتی خوێندن لای ئەوان بریتین لە: خراپی بارودۆخی ئەمنی، زەحمەتی دەوامکردنی ڕۆژانە، بەشدارینەکردنی قوتابییان لە چالاکییەکانی ناوپۆل بەهۆی شەرمکردن، لاوازی لە خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، کەمی ئارەزووی قوتابی بۆ خوێندنی بیرکاری و خەریك بوون بە کاروباری خێزان. کەچی لەم توێژینەوەیە هۆیە لەپێشینەکان بریتی بوون لەوە کە قوتابییان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، خشتەی وانەی ڕۆژانە زیاتر لە بابەتێکی قورسی تێدایە، زۆری یاسا و بابەتەکانی وانەی بیرکاری، قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی بابەتی بیرکاری، نەبەستنەوەی بابەتەکانی بیرکاری بە واقیعی ژیان و گوزەران، نەبوونی توانای قوتابییان لەسەر وەبیرهاتنەوەی ئەو بابەتانەی پێشووتر خوێندویانە، هەروەها لە هۆیەکدا لەگەڵ توێژینەوەکەی ئەوان یەك دەگرێتەوە کە بریتییە لە: لاوازی لە ئاگایی بۆ وانەکانی بیرکاری دەبێتە هۆی لاوازی لە دەستکەوت.
- ئەم توێژینەوە بەوە جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەی (بوعنانی، کریمە: ٢٠١٨) کە گرنگترین هۆیەکانی دابەزینی دەستکەوتی خوێندن لای ئەوان بریتین لە: نزمی باری کۆمەڵایەتی خێزان، نەبوونی شارەزایی تەواو لای مامۆستایان بە تیۆریا پەروەردەیی و دەروونییەکان، بوونی گرفتی ڕەفتاری لای قوتابییان، کەموکوڕی لە بواری تەندروستی قوتابی، دەرك نەکردنی قوتابی بە گرنگی خوێندن و قوتابخانە کە لەم توێژینەوەدا ئەوانە هۆی سەرەکی نەبوون . هەروەها لەم هۆیانەدا لەگەڵ توێژینەوەکە یەك دەگرێتەوە: قەرەباڵغی پۆلەکان، پەیڕەوی فێرکاری وەکو پێویست بۆ قوتابییان ڕوون ناکرێتەوە، کەمی ئامراز و کەل و پەلی فێرکاری لە قوتابخانە، لاوازی پاڵنەر بۆ قوتابییان، لاوازی لە دەستکەوتی ساڵانی پێشووتر.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

- ئەم توێژینەوەیە بەوە جیادەکرێتەوە لە توێژینەوەی (Jamel & Ali, 2016) کە گرنگترین هۆکاری نزمی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی بیرکاری لای قوتابییان بریتییە لە نەبونی نەرمی نواندن لای مامۆستایانی بیرکاری لەکاتی گوتنەوەی وانەکە و جێبەجێنەکردنی بیرکاری وەك ڕاهێنان و بەکارهێنان، هەروەها لەوەدا لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە یەک دەگرێتەوە کە قوتابیان لە کاتی وانەی بیرکاریدا بێ ئاگان و بیریان پەرتەوازەیە و هەروەها ئارەزوویان نییە بۆ بابەتەکە و گرنگی پێ نادەن.

### ٤-٣. دەرەنجامەکان

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گرنگترین ئەو هۆیانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی قوتابییان زیاتر پەیوەستە بە ژینگەی خوێندن، پەیڕەوی فێرکاری، سستمی فێرکاری، ئامادەنەکردنی مامۆستا وەکو پێویست، نەبوونی هاندەر و پاڵنەر بۆ قوتابی، کەمی هۆکارەکانی فێرکردن و بەکارنەهێنانیان. ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە وەزارەتی پەروەردە ڕوانگەیەکی ڕوونی نییە لە بارەی بابەتی بیرکاری و گرنگییەکەی لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەوڵەت، هەروەها پەیوەندی بیرکاری بە ئاستە بەرزەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەك بیرکردنەوەی لۆجیکی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. هەروەها لە ئامانجە گشتییەکانی پەروەردە کەمتر گرنگی بە بابەتی بیرکاری دراوە و ڕەنگی نەداوەتەوە لە ئامانجە فێرکارییەکانی ناو پۆل ئەوانەش توێژینەوەکانی (کاظم، مشیر) و (بوعنانی، کریمە) جەختیان لێ کردۆتەوە. هەروەها گرنگی بابەتی بیرکاری وەك ڕۆشنبیری خێزانی ڕەنگی نەداوەتەوە لە ناو خێزانەکاندا ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر نزمی ئاستی پاڵنەری خوێندکار بۆ بابەتی بیرکاری.

### ٤-٤. پێشنیار و ڕاسپاردەکان

دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان و باسکردنی دەرەنجامەکان توێژەران ئەم پێشنیازانە دەخەنەڕوو بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت:

١. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆیەکانی دابەزینی ئاستی دەسکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلەکانی ١١ و ١٢ی زانستی لە بابەتی بیرکاری.
٢. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆیەکانی دابەزینی ئاستی دەسکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلەکانی 7 و ٨ و 9 ی بنەڕەتی لە بابەتی بیرکاری.

هەروەها توێژەران وەکو ڕاسپاردە ئەم خاڵانە دەخەنەڕوو کە بە پێویستی دەزانن کاریان لەسەر بکرێت:

١. لەبەر ئەوەی وانەی بیرکاری وانەیەکی بنەڕەتییە، بۆیە توێژەران بە پێویستی دەزانن وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەشەوانەکانی بیرکاری زیاد بکات لە بازنەی سێ و چواری خوێندن هەفتانە لە پێنج بەشە وانە بیکات بە شەش بەشەوانە.
٢. وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە لە پشووی هاوینەدا خول بۆ قوتابیان بکاتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو قوتابییانەی کە پێویستییان پێیەتی لە بابەتە جیاجیاکان.
٣. وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان خول بۆ مامۆستایانی بیرکاری بکاتەوە بۆ ئەوەی بابەتی بیرکاری بە شێوەیەکی چێژبەخشتر و چالاکانەتر پێشکەش بە قوتابیان بکەن.
٤. مامۆستایان لە نێو ناوەندەکانی خوێندن هەوڵبدەن بابەتەکانی وانەی بیرکاری زیاتر بە ژیانی ڕۆژانەی قوتابییان ببەستنەوە .
٥. وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان پێشبرکێ لە وانەی بیرکاری لە نێوان قوتابخانەکان ئەنجام بدات بەجۆرێك ببێتە پاڵپشتێك بۆ پێداچوونەوە بە بابەتەکانی بیرکاری لە ساڵانی ڕابردوو.

### سەرچاوەکان

چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق، لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان. یونسکۆ(٢٠١٢).

سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان، دەروازەی یەک و دوو، وەرگرتنی خوێندکاران، هەولێر ٢٠٠٩.

کۆمپانیای هارکۆرت(٢٠٢١): بیرکاری بۆ هەمووان بۆ پۆلی دەیەمی زانستی، جیۆپرۆجێکتس، لوبنان بەیروت.

أحمد، حازم مجيد و يس، صاحب أسعد. (٢٠١٣): أسباب تدني مستوى التحصيل الدراسي لدى طلبة المدارس الثانوية من وجهة نظر المدرسين والمدرسات والطلبة، مجلة سر من رأى، ع٣٨، م٨.

أحمد، علي عبدالحميد. (٢٠١٠): التحصيل الدراسي وعلاقته بالقيم الإسلامية، بيروت، لبنان، مكتبة حسن العصرية، ط١.

أحمد، مريم عطية. (٢٠١٨): عوامل ضعف التحصيل الدراسي في مادة الرياضيات لدى طلاب المرحلة الإعدادية بمدينة سبها. ليبيا. منشور.

أحمد،عمر. (٢٠١٩): التحصيل الدراسي، أهميته وأنواعه والعوامل المؤثرة فيه. https:ll www. Maktabtk.com

بدندي، إنشراح صالح وشواهين، خير سليمان. (٢٠١١): المرجع الشامل المبسط في الرياضيات كيف نحب الرياضيات، إربد، عالم الكتب الحديث.

جبر، علي داخل وأحمد، علياء صبحي. (٢٠١٨): أسباب تدني التحصيل الدراسي لدى الطلبة المرحلين في المدارس المتوسطة بمدينة موصل من وجهة نظر الطلبة.مجلة العلوم التربوية والتفسية،ع ٣٠، م ٢.

جمعة، سياطة وتوفيق، بروكي. (٢٠١٨): نظام ل. م. د وتأثيره على التحصيل الدراسي، دراسة ميدانية بجامعة أحمد دراية - أدرار، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في علم الاجتماع المدرسي، الجزائر.

حراق، رقية ولحميرة، شهيرة. (٢٠١٩): .مقياس درجة صعوبات تحصيل مادة الرياضيات لدى تلاميذ المرحلة المتوسطة من وجهة نظر الاساتذة(دراسة ميدانية بمتوسطات بلديتي الشقفة والأمير عبدالقادر- جيجل).

الحموي، منى. (٢٠١٠): التحصيل الدراسي وعلاقته بمفهوم الذات(دراسة ميدانية على عينة من تلاميذ الصف الخامس -الحلقة الثانية- من التعليم الأساسي في مدارس محافظة دمشق الرسمية). منشور.

خالد، الشايب. (٢٠١٧): علاقة الصلابة النفسية بالتحصيل الدراسي لطلاب التربية البدنية والرياضية، مذكرة مقدمة لاستكمال متطلبات شهادة ماستر أكاديمي. جامعة قاصدي مرباح ورقلة.

الخطيب، خالد بن محمد. (٢٠١٨): أسباب ضعف التحصيل في الرياضيات لدى طلبة السنة التحضيرية في الجامعة السعودية الإلكترونية من وجهة نظر الطلبة ومدرسيهم.، الجامعة السعودية الإلكترونية/المملكة العربية السعودية/الرياض. منشور.

الخوالدة، محمد محمود. (٢٠١١): أسس بناء المناهج التربوية وتصميم الكتاب الجامعي، عمان، دار المسيرة للنشر والطبع والتوزيع، ط٢.

الزعانين، رائد حسين عبدالكريم. (٢٠١٧): فعالية وحدة محوسبة في العلوم على تنمية التحصيل الدراسي لدى تلاميذ الصف التاسع الاساسي بفلسطين و اتجاهاتهم نحو التعليم المحسوب. بحث مقدم للحصول على درجة الماجستير في التربية. جامعة عين الشمس والأقصى.

الزهراني، محمد. (٢٠١٥): تصور مقترح لتطوير أدوات قياس تحصيل الطلاب وفق معايير الجودة الشاملة بوزاره التربيه والتعليم، المملكة العربية السعودية، جامعة أم القرى، كليه التربية، علم النفس، رسالة دكتوراه غير منشورة.

شواهين، خير. (٢٠١١): تعليم الرياضيات باستخدام الوسائل التعليمية، إربد، عالم الكتب الحديث. ط١.

عبدالجليل، كوفان صباح. (٢٠٢٢):مستوى مهارات التفكير العلمي وعلاقته بالتحصيل والاستطلاع العلمي لدى طلاب الصف الثامن الأساس في مادة العلوم، رسالة غير منشورة في طرائق التدريس، بحث مقدم في طرائق تدريس العلوم بجامعة صلاح الدين لنيل درجة الماجستير.

العزاوى، نضال مزاحم رشيد (2017): محاضرات في القياس والتقويم، جامعة تكريت، قسم علوم التربوية والنفسية.

عسكر، علي والأنصاري، محمد. (٢٠٠٤): علم النفس البيئي البعد النفسي للعلاقة بين البيئة والسلوك، القاهرة: دار الكتاب الحديث. ط١.

العيسوى، عبدالرحمن والزعبلاوى، محمود السيد محمد والجسمانى، عبدالعلى. (2006): القدرات العقلية وعلاقتها الجدلية بالتحصيل العلمى، مجلة المدرسة الوطنية الخاصة. منشورات وزارة التربية والتعليم، سلطنة عمان.

فاخر عاقل: معجم علم النفس (انجليزى – فرنسي – عربي) ، بيروت، دار الملايين، ١٩٧١، ط٢.

كاظم، عبدالسلام جواد ومشيري، زينب حسن وعبد، حمد مخيف. (٢٠١٥): مقياس أسباب انخفاض التحصيل الدراسي في مادة الرياضيات، بغداد. معهد إعداد المدربين التقنيين/ الجامعة التقنية الوسطى. منشور.

اللقاني، أحمد حسين والجمل، علي أحمد. (١٩٩٩): معجم المصطلحات التربوية المعرفة في المناهج وطرق التدريس، القاهرة: عالم الكتب،ط٢.

المنيزل، فلاح عبدالله وغرايبه، عايش موسى. (٢٠١١): الإحصاء التربوي تطبيقات باستخدام الرزم الإحصائية للعلوم الاجتماعيه، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ط١.

النوح، مساعد بن عبدالله. (2004): مبادىء البحث التربوى، الرياض. كليه المعلمين،ط1 .

الهويدي، زيد. (٢٠١٠): أساليب واستراتيجيات تدريس الرياضيات، العين، الإمارات العربية، دار الكتاب الجامعي، ط٢.

(Jameel, Hafiz Tahir & Ali, Hina Hadayat, 2016). American Scientific Research Journal for Engineering, Technology, and Sciences (ASRJETS) (2016) Volume 15, No 1, pp 122-136.

Ali HH, and Jameel HT. Causes of poor performance in mathematics from teachers, parents and student's perspective. Am Sci Res J Eng Technol Sci (Asrjets) (2016). 15(1):122–36

Annie Ward; Howard W. Stoker; Mildred Murray-Ward (1996), "Achievement and Ability Tests - Definition of the Domain", Educational Measurement, vol. 2, University Press of America, pp. 2–5, ISBN 978-0-7618-0385-0

Busari, A.O (2000), Stress inoculation training and self statements monitoring techniques in the reduction of test anxiety among adolescent underachievers in Ibadan


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp39-49

metropolis, Nigeria. Unpublished Ph.D. thesis, University of Ibadan.

Edsys (2018): 10 Reasons why students fail mathematics, Edsys for educational institutions. Https://www.edsys.in /about-us/.

Enu JA, Agyman OK, and Nkum D. Factors influencing students' mathematics performance in some selected colleges of education in Ghana. Int J Edu Learn Develop (2015). 3(3):68–74.

Karakolidis A, Pitsia V, and Emvalotis A. Mathematics low achievement in Greece: a multilevel analysis of the programme for international student assessment (PISA) 2012 data. Themes Sci Technol Edu (2016). 9(1):3–24.

Kitta, S. (2004). Enhancing Mathematics Teachers' Pedagogical Content Knowledge and Skills in Tanzanina. Print Partners- Ipskamp: Enschede.